# خوێندنی بابەتی جێندەر، لە ڕوانگەی مامۆستایانی بەشەكانی ڕاگەیاندن توێژینەوەیەكی مەیدانییە لە زانكۆ و پەیمانگاكانی هەرێمی كوردستان

دنیا سەلاحەدین مەردان[1]

[1]بەشـــی كاری كۆمەڵایەتی، كۆلێژی ئاداب، زانكۆی سـەلاحەدین– هەولێر، هەولێر، هەرێمی كوردســتان، عێراق،

## پوختە:

جێندەر وەک بابەتێک بۆ خوێندن لە كایەی ئەكادیمیدا بایەخ و تایبەتمەندیی بەو بەشـــە دەدا كە تێیدا بە ســەربەخۆیی و تێروتەســەلی دەخوێنرێت. پرســی ســەرەكی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی چەندێتی گرنگی خوێندنی بابەتی جێندەر لە بەشـــەكانی ڕاگەیـانـدن لە زانكۆ و پەیمـانگـاكـانی هەرێمی كوردســتان بەم پێیە ئامانجی ســەرەكی توێژینەوەكە خستنەڕوی بایەخی خوێندنی جێندەرە وەک بابەتێكی سەربەخۆ. توێژەر هەوڵی داوە بەشێوەیەكی زانستی و بە بەكـارهێنـانی میتۆدێكی تیكەڵاو لە میتۆدی چەندایەتی و چۆنایەتی پرســی دانانی بابەتی جێندەر وەک بابەتێكی ســەربەخۆ لە بەشــەكانی ڕاگەیاندنی پەیمانگا و زانكۆكانی هەرێمی كوردســتان تاوتوێ بكات. لەبەر گرنگی و بایەخی بابەتەكە كە جێندەرە، توێژەر بە چەند ئەنجامێک گەیشـــتوە ئەوانیش؛ لە كۆی هەمو بەشــەكانی ڕاگەیاندن لە زانكۆ و پەیمانگا حكومی و ئەهلییەكان لە هەرێمی كوردســتان كە ١٢ بەشـن، تەنیا لە یەک بەشـی ڕاگەیاندن بابەتی جێندەر هەیە و دەخوێنرێت. پرســی جێندەر پرسـێكی نامۆیە، ئاشنا نییە و هەوڵی جددی بۆ نادرێت. بابەتی جێندەر وەک بابەتێكی خوێندن بە پێویســت نازانرێت لای هەندێک لە مامۆســتایانی ئەو بەشــانە. تێگەیشـــتنی دروســـت بۆ چەمكی جێنـدەر لە خودی نێوەنـدی ئەكادیمیشـــدا ئاڵۆزە و پێویســـتی بە تێگەیشـــتنێكی زانسـتیانە و بابەتیانە هەیە لە لایەن ئەكادیمییەكان و مـامۆســـتـایـانی خوێنـدنی بـاڵاوە. تێگەیشـــتنی مامۆســـتـایـانی زانكۆ لە گرنگیی بـابەتی جێندەر و فەلســـەفە و تێروانینیـان بۆ ئەم بـابەتە، گرنگییەكی حەتمیە و پێویستە كاری بۆ بكرێت.

**كلیلە وشـــەكان:** جێندەر، پڕۆگرامی خوێندن، خوێندنی باڵا، بەشەكانی ڕاگەیاندن و میدیا.

## Article Info:

**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(2).Paper18
**Received:** 06-July-2022
**Accepted:** 16-Aug-2022
**Published:** 29-June-2023
**Corresponding Author's E-mail:**
dunya.mirdan@su.edu.krd
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2023 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی:

بابەتی جێندەر یەکێکە لەو بابەتانەی لەسەر ئاستی جیهان باسوخواسی زۆری لەسەرە و جێگەی مشتومڕی کایە ئەکادیمی و میدیاکانە. کێشەکانی جێندەر لە هەرێمی کوردستان و عێراقدا بە یەکێک لە پرسە گرنگەکان دادەنرێت، لە ماوەی سێ دەیەی ڕابوردودا پارتە سیاسییەکان چەندین ڕێکخراوی کۆمەڵی مەدەنیان بنیادناوە بۆ کارکردن لەسەر پرسە جێندەرییەکان. ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان چەندین نوسینگەیان لەهەرێمی کوردستان کردۆتەوە و زۆر پرۆژەیان دەربارەی پرسە جێندەرییەکان جێبەجێکردوە و جێبەجێیدەکەن. حکومەت دامەزراوەی تایبەتی بۆ توندوتیژی جێندەری کردۆتەوە، پەرلەمان بە پرۆژەیاسا کاری بۆ کەمکردنەوەی جیاوازییە جێندەرییەکان و توندوتیژییە جێندەرییەکان کردوە، تەنانەت لە دەستوری هەمیشەیی عێراق (٢٠٠٥) سیستمی کۆتا (Bogaards, 2019, p. 43) بۆ بەشداری سیاسیی ژنان لە هەڵبژاردنەکان و پرۆسەی سیاسی و حوکمڕانی جێگیرکراوە، بۆ ئەوەی هاوسەنگی جێندەری بپارێزرێت.

لێرەدا ئەوەی گرنگە ئاماژەی پێبکەین ئەوەیە، کارکردن لەسەر پرسی جێندەر بابەتێکی هەروا ئاسان نییە و پێویستی بە وردبینی و لێکۆڵینەوەی زانستیانە هەیە بۆ ئەوەی تێگەیشتنی نادروست بۆ ئەم بابەتە لە ڕەگەوە ڕیشەکێش بکرێت. پرۆسەی بە کۆمەڵایەتیکردنی تاک چەند دەزگایەکی کۆمەڵایەتی دەگرێتەوە، کە میدیا یەکێکە لەوان. لەم پرۆسەیەدا و لە ڕێگەی میدیاوە تاک بۆ هەڵگرتنی بەها و بنەما فیکرییەکانی کۆمەڵگا ئاراستە دەکرێت، هەمو ئەو کەسانەش کە "بەشێوەیەکی سیستماتیک لێکۆڵینەوە لە میدیا دەکەن، دەبینن کە چ وێنەیەک دەخرێتەڕو و چۆن کاریگەری لەسەر مرۆڤەکان هەیە" (Andersen, 2006, p. 59).

## گرنگی ئەم توێژینەوەیە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە بابەتی جێندەر و تێگەیشتن لێی بەشێوەیەکی زانستی و ئەکادیمی مەسەلەیەکی نوێیە و مێژویەکی زۆری نییە. ئەم توێژینەوەیە ڕێگەخۆشکەر دەبێت بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵگا و دامەزراوە فەرمییەکانیشدا جێندەر و پرسە جێندەرییەکان، بەشێوەیەکی سروشتی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، هەروەها جۆرێک لە هۆشیاری کۆمەڵایەتی بێتە ئاراوە کە هاوکار بێت بۆ ئەوەی لانی کەم لەیەکتێگەیشتنێک سەبارەت بە بابەتی جێندەر و پرسە جێندەرییەکان دروستببێت. ئێستا گرنگیدان بە پێویستبونی جێندەر وەک وانەیەکی سەربەخۆ و شوێنکردنەوەی لەناو پرۆگرامی خوێندنی زانکۆ و پەیمانگاکان بەگشتی و بەشەکانی ڕاگەیاندن لە زانکۆ و پەیمانگا حکومی و ئەهلییەکان بەتایبەتی، ڕۆڵ و کاریگەرییەکی باشی دەبێت لەسەر دروستکردنی ئاگایی و هۆشیاری لای توێژێکی گرنگی کۆمەڵگە کە ڕاگەیاندنکارەکانن لەسەر ڕوانگەی جێندەریی لە هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی بۆ ئێستای هەرێم کە بە بارودۆخێکی ڕاگوزەری گرنگ و پڕ لە ناهاوسەنگی جێندەریدا گوزەر دەکات. خوێندنی بابەتی جێندەر لە زانکۆ و پەیمانگا پەیوەستەکان بە میدیاوە،



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper18

بوەتە زەرورەتێکی حەتمی، لەلایەک بەهۆی پێگەی میدیا و میدیاکاران و بونی کێشـــە جێندەرییەکان لە هەرێمی کوردســتان کە بە قەبارەیەکی گەورە، کاریگەرییەکی زۆری لەســەر ڕێکخســتنی کۆمەڵگادا هەیە. لەلایەکی دیکەش گرنگە دەرچوانی بەشەکانی ڕاگەیاندن ئاگایی و وشیاری پێویستیان هەبێت لەبارەی بابەت و پرسە جێندەرییەکان لەنێو ناوەرۆکی پەیامی میدیایی دامەزراوە میدیاییەکاندا.

کێشە کۆمەڵایەتییەکانی پەیوەست بە جێندەرەوە زۆرن، دیارترینیان خۆی لە شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ ژنان و توندوتیژی بەرامبەریان دەبینێتەوە. لێرەدا میدیا مەبەســـتدار بێت، یاخود بێمەبەســـت نوێنەرایەتی تویژی ژنان و پرســـەکانی ژن ناکات، ژن تەنها وەک کالآیەک لە میدیاکاندا دەبینرێت. کاتی ئەوە هاتوە قۆناغی داهاتوی توێژینەوەکان کاریگەریی ئەم لایەنە لەســـەر بینەرانی میدیا دەربخات (Collins, 2011). (جولیا ود) وەک پســـپۆڕێکی بواری میدیای بەجێندەرکراو، باس لەوە دەکات کە بەرنامەســـازی میدیا لە ســـەردەمی ئێســـتادا ڕەنگدانەوەی ســـێ تەوەری تێدا دەبینرێت، ئەوانیش؛ ژن و گروپە کەمینەکان لەنێو میدیادا کەم نوێنەراتییان دەکرێت، ژن و پیاو بە شـێوازی کۆنەپەرسـتانە وێنا دەکرێن، هەروەها پەیوەندییەکانی نێوان ژن و پیاو بە زۆری بەو شێوەیە وێنا دەکرێن کە لەگەڵ ڕۆڵی جێندەریی نەریت باو یەکدەگرێتەوە.(Wood, 2009)

## پرسی توێژینەوە:

پرسی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە ڕوانگەی مامۆستایانی بەشەکانی ڕاگەیاندن لە زانکۆ و پەیمانگاکان بۆ خوێندنی بابەتی جێندەر چییە؟ ئەو بەربەســـتانە کامانەن کە بونەتە ڕێگر لەبەردەم بایەخدان بە خوێندنی جێندەر وەک بابەتێک لە پرۆگرامی خوێندنی بەشـــەکانی ڕاگەیاندن؟ ئەو تایبەتمەندییانە کامانەن کە پێویســـتە مامۆســـتا هەیبێت بۆ گوتنەوەی بابەتی جێندەر لە بەشـــەکانی ڕاگەیاندن و میدیادا لە زانکۆو پەیمانگا حکومی و ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان؟

## ئامانجی ئەم توێژینەوەیە:

ئامانجەکانی توێژینەوە بریتین لە:

١. زانینی دیدگا و ڕوانینی مامۆستایانی بەشەکانی ڕاگەیاندن بۆ بابەتی جێندەر.

٢. زانینی ئەو لەمپەر و بەربەســـتانەی هۆکاربون لەوەی وەک پێویســـت بایەخ بە بابەتی جێندەر نەدرێت لەنێو پرۆگرامی خوێندنی بەشەکانی میدیا لە هەرێمی کوردستاندا.

٣. وەرگرتنی ڕا و ســەرنجی مامۆســتایانی بەشــەکانی ڕاگەیاندن، ســەبارەت بەو بابەتانەی بە پێویســتی دەزانن لە بابەتی جێندەردا قوتابیانی پێ ئاشنا بکرێت.

٤. خســتنەڕوی ئەو تایبەتمەندیانەی بۆ مامۆســتای وانەی جێندەر پێویســتن، بۆ ئەوەی بتوانێ بە ســەرکەوتویی وانەکە بگەیەنێتە قوتابیان.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper18

## میتۆدی توێژینەوە:

توێژەر هەوڵیدا داتاو زانیاری پەیوەست لە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی بەدەستبهێنێت، بەڵام لەبەرئەوەی هیچ داتایەک بەردەست نەبو سەبارەت بەم بابەتە بۆیە توێژەر ناچاربو بەم شێوازەی کە خوارەوە ئاماژەی پێکراوە نمونەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکە وەربگرێت.

ئەم توێژینەوەیە بە سێ قۆناغ جێبەجێکراوە، قۆناغی یەکەم تایبەت بو بە کۆکردنەوەی زانیاری (بەپێی زانیارییەکانی توێژەر توێژینەوەی هاوشێوە لە زانکۆ وپەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان ئەنجام نەدراوە)، بەشێوازی نمونەی مەبەستدار سەبارەت بە بەشەکانی ڕاگەیاندن لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستان. نمونەی مەبەستدار ئەو کاتانە بەکاردەهێنرێن کە توێژەر بیەوێت گروپێکی لێتوێژراوی تایبەت وەربگرێت کە خەسڵەتی جیاکراوەی وەهایان هەبێت ئامانجەکانی توێژینەوەکە بپێکێت (Babbie, 2008). هەنگاوی یەکەمی ئەم توێژینەوەیە بریتیبو لە ئامادەکردنی ڕاپرسییەک کە (٨) پرسیاری لەخۆگرتبو (٧) پرسیاری داخراو و (١) پرسیاری کراوە، بەمەستی کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی بەشەکانی ڕاگەیاندن لە زانکۆ و پەیمانگە حکومی وناحکومییەکان و دابەشبونی دیمۆگرافیان بەسەر پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا، هەروەها کۆکردنەوەی زانیاری سەبارەت بە هەبون و جێکردنەوەی (جێندەر) وەکو وانەیەکی سەربەخۆ لەنێو پرۆگرامی خوێندن لە بەشەکانیاندا. کەواتە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتییە لە بەشەکانی ڕاگەیاندن لە زانکۆ و پەیمانگە حکومی وناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستاندا. لەم ڕاپرسییەدا (٦٨) مامۆستای بواری ڕاگەیاندن لە زانکۆ و پەیمانگا جیاوازەکان بەشداریان لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی ڕاپرسییەکەدا کرد.

قۆناغی دوەمی توێژینەوەکە ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی نیمچەکراوە لەگەڵ سەرجەم سەرۆک بەشەکانی ڕاگەیاندنی زانکۆ و پەیمانگا حکومی و ناحکومییەکان ئەنجامدراوە. هاوکات دو فۆکەس گروپ ئەنجامدراوە کە ژمارەی بەشداربوانی هەر دو گروپەکە ١٢ کەس بون، کە هەر گروپێک لە ٦ کەس پێکهاتبو کە ٣ پیاو ٣ ژن ئەو گروپانەیان پێکدەهێنا، سەرجەمیان مامۆستای بەشەکانی ڕاگەیاندن و میدیا بون لە زانکۆ و پەیمانگە حکومی و ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان ئێستا وانەبێژن. گرنگی بەکارهێنانی فۆکەس گروپەکان لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە توێژەر لە بەدەستهێنانی زانیاری و دەستنیشانکردنی کێشەکان لە قسەکردنی وەڵامدەرەوەکان دەربارەی دیاردەکە، لێکدانەوەیەکی داهێنەرانە دەکات بۆ ئەنجامەکان(Berg, 2007)

هەروەها لەهەر بەشێکی ڕاگەیاندنیش چاوپێکەوتنی نیمچەکراوە لەگەڵ چەند مامۆستایەک کراوە، بەتایبەتی ئەوانەی بابەتی جێندەر بەلایانەوە جێی بایەخە و چالاکی زانستییان لەم بوارەدا هەیە. مەبەست لە بەکارهێنانی ئەم چاوپێکەوتنە نمچەکراوانەش ئەوەیە، توێژەر بتوانێت ئەو زانیارییانەی مەبەستیەتی دەستیانبخات و لەنێوان پرسیارە سەرەکییەکاندا پرسیاری دیکەی پەیوەست بە توێژینەوەکە بوروژێنێت (Payne, 2004) بەمەبەستی دەوڵەمەندکردن و قاڵبونەوەی زیاتر لە بابەتەکە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper18

قۆناغی کۆتایی توێژینەوەکەش بریتییە لە چەند کۆبونەوەیەک لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، بۆ ئەوەی لەژێر ڕۆشنایی ڕێنماییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی خوێندنی زانکۆییدا، بەرچاوڕونی هەبێت سەبارەت بەچۆنیەتی دانانی ئەم بابەتە لەنێو پرۆگرامی خوێندنی ئەو بەشە دیاریکراوانە. هەروەها هەوڵدراوە سود لە توانا مرۆییە ناوخۆیی و نێودەڵەوتییەکان وەربگیرێت بۆ دەوڵەمەندکردنی ئەم توێژینەوەیە.

## یەکەم: جێندەر وەک چەمک و بابەت

لە فەرهەنگی کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتیەکان بەگشتی و لە فەرهەنگی زمانی کوردیدا بەتایبەتی، جێندەر چەمکێکی نوێیە و لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگیراوە، هەندێ جار لە زمانی عەرەبیدا بە (النوع الاجتماعي) و لە زمانی کوردیدا (جۆری کۆمەڵایەتیی) وەرگێڕدراوە. هەر ئەم وەرگێڕانەشە وایکردوە مشتومڕێکی زۆری لەسەر بێت و هەڵەتێگەیشتنێکی زۆری لێبکەوێتەوە. کاتێک کۆمەڵناسان دێنە سەر پێناسەی ئەم چەمکە، سەرەتا پێناسەیەک بۆ ڕەگەز دەخەنەڕو؛ "زاراوەی ڕەگەز بۆ ئاماژەکردنە بەو جیاوازییە ئەناتۆمی و فیزیۆلۆژیانەی کە جەستەی نێر و مێ دیاریدەکەن" پێناسە دەکەن و لە بەرانبەردا جێندەر؛ "پەیوەندی بە جیاوازییە دەرونی و کۆمەڵایەتی و کولتورییەکانی نێوان نێر و مێ هەیە". (Giddens, 2006, p. 458)

لێرەدا دەبینین چەمکی جێندەر سەرنجمان بۆ لایەنە کۆمەڵایەتییەکان ڕادەکێشێت و ئەو جیاوازییانەی لە نێوان ژنان و پیاواندا وێناکراون، وەک چەشنێکی باوی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی پیاوبون masculinity و مێینەبون femininity دا (Marshall, 2005 , p. 101). پێناسەی کارڕایی بۆ چەمکی جێندەر بریتییە لە تێگەیشتنی مامۆستایانی بەشەکانی ڕاگەیاندن بۆ ماف، بەرپرسیارێتی، وتێگەیشتن لە مافی یەکسانی کە پێشکەش بە سودمەندانی بەشەکانی ڕاگەیاندن دەکرێت لە خوێندندا.

## دووەم: خوێندنی باڵا

دامەزراوە پەروەردەییەکان چەند جۆرێکن کە لە داینگەوە دەستپێدەکات دەگاتە خوێندنی باڵا، بەمجۆرە دەتوانرێت بگوترێت کە هەر دامەزراوەیەک سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا بێت، وەک زانکۆ و پەیمانگاکان کە دەسەڵاتیان هەیە لە پێدانی بڕوانامە بەو کەسانەی لە پرۆگرامەکانی خوێندنی باڵا خوێندن تەواودەکەن، یان توێژینەوە لە ئاستی بەرزدا دەکەن. (Frank Webster, 2000, p. 63).

لەبەرئەوەی زانکۆ و پەیمانگاکان وەک دامەزراوەی خوێندنی باڵا، لەلایەکەوە بەرپرسیارن لە بەرهەمهێنانی میدیاکار و ئەوانەی کاری میدیایی دەکەن، لە لایەکی ترەوە میدیا وەک دامەزراوەیەک ئەرکی سەرەکی پێدانی زانیاری و بڵاوکردنەوەی وشیارییە بۆ تاکەکانی کۆمەڵگا، بۆیە گرنگە ئەو دەرچوانەی لەم بەشانە هەڵگری بڕوانامە دەبن، هەڵگری پەیامێکی مرۆڤانە و ئەرکێکی ئیتیکیانەش بن، کە مافی هەمو تاکەکانی کۆمەڵگا لە گەیاندنی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper18

زانیاری و پەیامەکانیاندا لەبەرچاوبگرن. بەم پێیە، بەشـــەکانی میدیا لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا کاتێ دەرچوانیان دەخەنە کایەی میدیاییەوە، گرنگە ئەوە لەبەرچاوبگرن کە "میدیا وەک ماکینەی بونیادنانی کۆمەڵگا و ئاراستەکردنی تاک بۆ هۆشیاری و ئاگاداربون لە ڕوداو و ئەگەر و پێشهاتەکان و کۆی سیستم و کایەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوری و ئابوری و سـەرجەم کایەکانی دیکەی ژیان" (عەبدوللەتیف, ٢٠١٢، p. 15) پێویستییەکی حەتمی هەیە بۆ بەرزکردنەوەی توانای میدیاکاران لە قۆناغەکانی خوێندن بە شـــێوەیەک کە لە ســـەر ئاســـتی دنیا و بە لەبەرچاوگرتنی پرەنسیپەکانی کاری پیشەیی و پرۆفێشناڵبون بەرجەستە ببێت.

## توێژینەوەی پێشو:

ئەم توێژینەوەیە بە ســـەرەتایەک دادەنرێت بۆ دۆزینەوە و زانینی گرنگیی خوێندنی بابەتی جێندەر لە بەشـــەکانی میدیا و ڕاگەیاندن لە هەرێمی کوردســـتان. ڕەنگە هەندێک گفتوگۆ کرابێت، بەڵام هیچ کات هەوڵێکی زانســـتیانە نەدراوە تا وەک پرۆژەی توێژینەوەیەکی زانســـتی کاری لەســـەر بکرێت، بۆیە دەبینین زۆرێک لەو بابەتانەی لەم لایەنەوە باسکراون، بە تەواوی ناونیشـانی ئەم توێژینەوەیەیان نەپێکاوە و تەنانەت نزیکیش نەبون لێوەی، توێژەر هەوڵێکی زۆری داوە بۆ بەدەســتهێنانی توێژینەوە بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی بەڵام لەبەرئەوەی ئەم توێژینەوەیە پێشـتر نەکراوە (بەپێی بەدواداچونەکانی توێژەر) هیچ توێژینەوەکی دەست نەکەوتوە. سـەرئەنجام لە کۆنفرانســێکی خانەی حیکمەدا چەندین لێکۆڵینەوەی زانســتی خرانەڕو کە یەکێک لەوانە پەیوەســت بو بە بابەتی جێندەرەوە.

لە بەشـــی لێکۆڵینەوە کۆمەڵایەتییەکان لە خانەی حیکمە (بيت الحكمة) و بە هاوکاری ناوەندی مەلای گەورە، لە ٣/ ١/ ٢٠٢١ لە زانکۆی کۆیە، سێیەمین دیداری خۆی بەست لە ژێر ناونیشانی (ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە پێکهێنانی پێناسەی جێندەری). لە چالاکییەکەدا بابەتی جۆراوجۆر خرانەڕو، لەوانە؛ واقیعی ژن لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن، ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و جێندەر – نزیکبونەوەیەکی ڕەخنەگرانە، پێکهاتەی جێندەری لە دروســـتکردنی ڕاگەیاندندا، توندوتیژی تەلەڤزیۆنی دژ بە ئافرەت، ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە چەقبەستکردنی جێندەریدا، هەروەها چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەست بەم بوارەوە. ئامانج لەم چالاکییەدا بەهێزکردنی پەیوەندی تەواوکارییو لە نێوان ڕۆشـــنبیران و میدیا، بەو پێیەی ڕۆشـنبیرانی ئەکادیمی بزوێنەری ڕەسـەنی هەر پرۆسـەیەکی گۆڕانکاری مەبەسـتدارن بۆ دروسـتکردنی واقیعێکی ئەرێنی زیاتر بۆ ژنان و بەرزکردنەوەی ڕۆڵی میدیا.

شـــەش ناوەند لەو دیدارەدا بەشـــداربون، چواریان ســـەر بە زانکۆکانی کوردســـتان و دوانی دیکەیان ناوەندی ڕێکخراوەیی بون. گرنگترین ئەو ئەنجامانەی لەم دیدارەدا پێی گەیشتن ئەمانە بون: یەکەم، ڕاگەیاندن هێزێکی کارا و کاریگەری هەیە و دەتوانێت گۆڕانکاری ئەرێنیانە لە بەرژەوەندی پرســـەکانی جێندەر و گۆڕینی کۆمەڵایەتی و گۆڕینی وێنای باوی ئافرەت لە کۆمەڵگا بێنێتە کایەوە. دوەم، ناوەڕۆکی ڕاگەیاندن لە وڵاتانی تازەپێگەشـــتو پێداویسـتییەکانی جەماوەر لەخۆناگرێت، یاخود هاوکار نییە لە دروسـتکردنی تاکێکی بە ئاگا کە هۆشـیاری هەبێت



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper18

لە کێشە و پرسە هەنوکەییەکانی کۆمەڵگا. سێیەم، زۆربەی کات لەخۆگرتنی پرسی ئافرەت لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن سەرپێییانەیە و کاردانەوەی هەیە، کە بەبێ توێژینەوە و بەدواداچون دەکرێت و پانتاییەکی چەسپاوی نییە. چوارەم، هێشتا بابەتی پێشبڕکێی کاری ڕۆژنامەگەری ڕاگەیاندنکاران بەسەر ناوەڕۆک و ناواخنی ئەو بابەتانەی ڕەهەندی کۆمەڵایەتییان هەیە زاڵە، لەوانەش پرسی جێندەر. پێنجەم، ڕوماڵکردنی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بۆ پرس و مافەکانی ئافرەتان تا ئێستاش لەو ئاستەدا نییە، بەڵکو زۆرجار کاریگەری نەرێنیان هەیە بە هۆی ڕوماڵکردنی ناوشیارانەوە. شەشەم، وێنەی ئافرەت لە ڕاگەیاندنەکاندا وێنەی قوربانی و توندوتیژی بەرامبەرکراو، ماف پێشێلکراو و بەشخوراوە. حەوتەم، هێشتا ڕاگەیاندنەکان لە شکاندنی بەربەستە کۆمەڵایەتییەکان بۆ گۆڕینی وێنەی باوی ئافرەت، زۆر لەسەرەخۆ دەجوڵێن. هەشتەم، لەخۆگرتنی چەمکە پێویستەکانی جێندەر لە پرۆگرامەکانی ڕاگەیاندندا زۆر گرنگە. پێویستە پشت بە پەروەردەی ڕاگەیاندن ببەسترێت لەسەر بنەمایەکی دادپەروەرانە و یەکسان، لەبەرئەوەی ئامرازێکی گرنگ و بەهێزە بۆ بەرگری و خۆپاراستن و چارەسەرکردن، بە تایبەتیش توێژی ڕاگەیاندنکاران کە لەهەمو توێژەکانی دیکە زیاتر پەیوەندییان بە جەماوەرەوە هەیە. (الحکمة، ٢٠٢١)

ئەوەی جێی ئاماژەپێکردنە، هیچ کامێک لەو بابەت و توێژینەوانە ئاماژەیان بە گرنگیی خوێندنی جێندەر لە بەشەکانی ڕاگەیاندن لە زانکۆ و پەیمانگاکان نەکردوە، تەنانەت لە خستنەڕوی گرنگترین پێشنیارەکاندا هیچ باس و خواسێک لەسەر ئەوە نەبو، کە چۆن ئەو ئاڵنگاریانەی لە ڕاگەیاندنەکاندا هەیە بەرانبەر بە بابەت و پرسی جێندەر ڕیشەکێش بکرێت. کە ئەویش بە ڕۆشنبیرکردنی ڕاگەیاندنکاران لە ناو ڕاگەیاندنەکاندا بە زانیاری پێویست لەمەڕ مامەڵەکردن لەگەڵ پرسە جێندەرییەکان بەرهەم دێت. ڕیشەکێشکردنی ئاڵۆزییەکانی جێندەر لە ڕاگەیاندندا، دەکرێت لەو هەنگاوەوە دەستپێبکات کە خوێندنی جێندەر لەو بەشانەی کە ڕاگەیاندنکار بەرهەمدێنێت دەستەبەربێت و زانیاری لەسەر جێندەر زانستیانە لە زانکۆکاندا پێشکەش بکرێن.

## دوەم: شیکردنەوەی زانیارییەکانی توێژینەوە

وەک لەسەرەوە ئاماژەی پێکراوە، ئەم توێژینەوەیە بە چەند قۆناغێک جێبەجێکراوە، بۆیە لە چەند تەوەرێکدا زانیارییەکان دەخرێنەڕو، وەک چۆن لە خوارەوە ڕونکراونەتەوە:

### ١- بەشەکانی ڕاگەیاندن لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردستاندا

لە هەرێمی کوردستاندا چەندین بەشی ڕاگەیاندن لە زانکۆ و پەیمانگا حکومی و ئەهلییەکاندا بونی هەیە، بەپێی ئەو داتایانەی بەدواداچونمان بۆ کردوە، دابەشبونی بەشەکانی ڕاگەیاندن بەسەر پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بەم شێوەیە:



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper18

**خشتەی (١) دابەشبونی بەشەکانی ڕاگەیاندن بەسەر پارێزگاکان**

| پارێزگا | بەشەکانی ڕاگەیاندن/زانکۆ و پەیمانگا حکومی و ئەهلییەکان |
|---|---|
| هەڵەبجە | زانکۆی هەڵەبجە/ بەشی ڕاگەیاندن |
| سلێمانی | زانکۆی سلێمانی/ بەشی ڕاگەیاندن |
| | زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی/ بەشی تەکنیکی میدیا |
| | زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی/ پەیمانگا - بەشی تەکنیکی میدیا |
| هەولێر | زانکۆی سەلاحەدین/ بەشی ڕاگەیاندن |
| | زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر/ بەشی تەکنیکی میدیا |
| | زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر/ پەیمانگا - بەشی تەکنیکی میدیا |
| | زانکۆی جیهان/ بەشی ڕاگەیاندن |
| | پەیمانگای نۆبڵ/ بەشی ڕاگەیاندن |
| دهۆک | زانکۆی پۆلیتەکنیکی دهۆک/ پەیمانگا - بەشی تەکنیکی میدیا |
| | زانکۆی پۆلیتەکنیکی دهۆک/ بەشی تەکنیکی میدیا |

بەپێی داتاکانی خشتەی (١) لە هەمو پارێزگاکانی هەرێمی کوردستاندا بەشی ڕاگەیاندن هەیە و سەرجەمیان (١٢) بەشە لە زانکۆ و پەیمانگا حکومی و ئەهلییەکان، ئەمەش یارمەتیدەرێکی باشە بۆ کارکردن لەسەر توێژینەوەکەمان و بونی (بابەتی جێندەر) وەکو وانەیەکی سەربەخۆ لەم بەشانەدا پاڵنەرێکی باشە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە.

**خشتەی (2) ژمارەی ئەو مامۆستایانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە بەپێی زانکۆ**

| بەشەکانی ڕاگەیاندن/ زانکۆ و پەیمانگا حکومی و ئەهلییەکان | ژمارەی چاوپێکەوتنەکان | |
|---|---|---|
| | سەرۆک بەش | مامۆستا |
| زانکۆی هەڵەبجە/ بەشی ڕاگەیاندن | ١ | - |
| زانکۆی سلێمانی/ بەشی ڕاگەیاندن | ١ | ٢ |
| زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی/ بەشی تەکنیکی میدیا | ١ | ٢ |
| زانکۆی سەلاحەدین/ بەشی ڕاگەیاندن | ١ | ٢ |
| زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر/ بەشی تەکنیکی میدیا | ١ | ٢ |
| پەیمانگای نۆبڵ/ بەشی ڕاگەیاندن | ١ | - |
| زانکۆی پۆلیتەکنیکی دهۆک/ پەیمانگا - بەشی تەکنیکی میدیا | - | ١ |
| | ٦ | ٩ |
| کۆی گشتی | ١٥ | |



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper18

داتاكانی خشتەی (2) ئەوەمان نیشان دەدات كە چەند سەرۆك بەش و مامۆستای تایبەتمەند لە بواری جێندەر، لە بەشەكانی ڕاگەیاندنی زانكۆ و پەیمانگاكان بۆ ئەم توێژینەوەیە چاوپێكەوتنیان لەگەڵدا ئەنجامدراوە. لە هەندێك لە بەشەكان تەنها چاوپێكەوتن لەگەڵ سەرۆك بەشەكان كراون كە ژمارەیان ٦ سەرۆك بەش بوە. سەبارەت بە چاوپێكەوتن لەگەڵ مامۆستایانی ئەو بەشانەی ڕاگەیاندن، ئەوا لە زانكۆ و پەیمانگەكان ٩ مامۆستا جاوپیكەتنیان لەگەڵدا ئەنجامدراوە. لەكاتێكدا ژمارەی مامۆستایان لەوبەشانەدا زۆر زیاتربون، بەڵام نمونەی وەرگیراو لەم توێژینەوەیدا پەیوەستبو بەوەی كە لەو بەشانەدا مامۆستای پسپۆڕ و تایبەتمەند لە بواری جێندەردا نەبوە.

**خشتەی (3) ئاستی زانستیی مامۆستایانی بەشداربو لەم ڕاپرسییە**

| پلەی زانستی | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی% |
|---|---|---|
| مامۆستای یاریدەدەر | ٢٧ | ٪٣٩.٧ |
| مامۆستا | ٢٠ | ٪٢٩.٤ |
| پرۆفیسۆری یاریدەدەر | ٢٠ | ٪٢٩.٤ |
| پرۆفیسۆر | ١ | ٪١.٥ |
| كۆی گشتی | ٦٨ | ٪١٠٠ |

بەپێی داتاكانی خشتەی (3) كە ئاستی زانستیی مامۆستایانی بەشداربو لە ڕاپرسییەكە دەخاتەڕو، دەردەكەوێت كە هەمو ئاستە زانستییە جیاوازەكان لە بەشەكانی ڕاگەیاندنی زانكۆ و پەیمانگا حكومی و ناحكومییەكانی هەرێمی كوردستان بەشدارییان لە ڕاپرسیی توێژینەوەكەدا كردوە، ئەمەش یارمەتیدەرێكی باش دەبێت بۆ ئەوەی كەڵك لە سەرنج و تێبینییەكانیان لەسەر بابەتەكە وەربگیرێت.

**خشتەی (4) ڕەگەزی بەشداربوانی ڕاپرسییەكە دەخاتەڕو**

| پلەی زانستی | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی% |
|---|---|---|
| نێر | ٤٤ | ٪٦٤.٧ |
| مێ | ٢٤ | ٪٣٥.٣ |
| كۆی گشتی | ٦٨ | ٪١٠٠ |
| | | |

لە خشتەی (4) دەردەكەوێت كە لە ڕاپرسییەكەدا هەردو ڕەگەز بەشدارییان پێكراوە، ڕێژەی ڕەگەزی نێر بریتییە لە (٪٦٤.٧) و ڕێژەی ڕەگەزی مێ بریتییە لە (٪٣٥.٣).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper18

**خشتەی (5) ڕوانگەی مامۆستایان لەسەر بونی بابەتی جێندەر وەک وانەیەکی سەربەخۆ**

| پلەی زانستی | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی% |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٩ | ٪١٣.٢ |
| نەخێر | ٤٢ | ٪٦١.٨ |
| بابەتەکانی جێندەر لەناو وانەکانی تردا دەخوێنرێت | ١٧ | ٪٢٥ |
| کۆی گشتی | ٦٨ | ٪١٠٠ |

بەپێی داتا بەدەستهاتوەکانی خشتەی (5)، لە ڕاپرسییەکە دەردەکەوێ کە تا ئێستا بابەتی جێندەر وەکو پێویست کاری لەسەر نەکراوە بۆ جێکردنەوەی لە پرۆگرامی خوێندنی بەشەکانی ڕاگەیاندن لە زانکۆ و پەیمانگاکان. ئەگەرچی ڕێنماییەکی وەزارەتی خوێندنی باڵا لەبارەی ئەم پرسەوە گشتاندنی پێکراوە بۆ زانکۆ و پەیمانگاکان، بەڵام تەنها لە یەکێک لە بەشەکانی ڕاگەیاندنی زانکۆ و پەیمانگاکان، بابەتی جێندەر وەک وانەیەکی سەربەخۆ بونی هەیە کە ئەویش بەشی ڕاگەیاندن لە کۆلێژی ئاداب- زانکۆی سەلاحەددینە، کەچی لە (١١) بەشەکەی تر بابەتی جێندەر وەک وانەی سەربەخۆ بونی نییە، کە ڕێژەیان (٢٥٪). لەهەمان کاتدا ڕێژەی (٦١.٨٪) هەر لە بنەڕەتدا نە وەک بابەتێکی سەربەخۆ نە لاوەکیانە لە پرۆگرامی خوێندنیاندا ئەم بابەتەیان نییە. دەشێ هۆکاری ئەم دۆخە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە هێشتا تێگەیشتن بۆ بابەتی جێندەر لە کۆمەڵگا، تەنانەت لە کایەی ئەکادیمیشدا وەک پێویست نییە و نەتوانراوە بەشێوەیەکی سروشتی قوتبدرێت، ئەوەش بۆ کولتور و واقیعی کۆمەڵایەتی دەگەڕێتەوە.

**خشتەی (6) ڕای مامۆستایان سەبارەت بە بایەخی بابەتی جێندەر وەک وانەیەکی سەربەخۆ**

| پلەی زانستی | دوبارەبونەوە | ڕێژەی سەدی% |
|---|---|---|
| بەڵێ | ٣٥ | ٪٥١.٥ |
| نەخێر | ٢٧ | ٪٣٩.٧ |
| نازانم | ٦ | ٪٨.٨ |
| کۆی گشتی | ٦٨ | ٪١٠٠ |

بەپێی داتا بەدەستهاتوەکانی خشتەی (٦)، لە ڕاپرسییەکە دەردەکەوێ کە زۆرینەی مامۆستایانی بەشەکانی ڕاگەیاندن لە زانکۆ و پەیمانگاکان، پێیان باشە بابەتی جێندەر وەکو وانەیەکی سەربەخۆ لەنێو پرۆگرامی خوێندنی بەشەکانیاندا هەبێت کە ڕێژەیان (٥١.٥٪)ەیە. ئەمەش ئاماژە و پشتیوانییەکی باشە بۆ جێبەجێکردنی ڕێنماییەکەی وەزارەتی خوێندنی باڵا سەبارەت بە دانانی بابەتی جێندەر لەنێو پەیڕەو و پرۆگرامەکانی خوێندنی بەشەکانی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper18

میدیا و ڕاگەیاندن، لەلایەکی دیکەشــەوە پێچەوانەیە لەگەڵ ڕای هەندێک لە مامۆســتایانی ئەو بەشـانە، کە پێیانوایە لەگەڵ بیروباوەڕی کولتوری کۆمەڵگا ناگونجێت و فیکرێکی ڕۆژئاواییە، هەوڵ دەدرێت بە زۆر بەســــەر کۆمەڵگای ئێرەدا بسەپێنرێت کە ئەوانیش ڕێژەکەیان (٣٩.٧٪)ە.

## تەوەری دووەم: زانیارییەکانی پەیوەست بە چاوپێکەوتن و فۆکس گروپەکان

بۆ پاڵپشـــتی و زیاتر قاڵبونەوە لە بابەتەکە، چەند چاوپێکەوتن و فۆکس گروپێک لەگەڵ ســــەرجەم ســــەرۆک بەشــــەکانی ڕاگەیاندن لە زانکۆ و پەیمانگاکانی هەرێمی کوردســـتان ئەنجامدران. هەروەها چاوپێکەوتن کرا لەگەڵ چەند مامۆســــتایەکی ڕاگەیاندن لەهەر بەشـــێک، بۆ وەرگرتنی ڕا و ســــەرنجیان دەربارەی جێکردنەوەی بابەتی جێندەر لەنێو پرۆگرامەکانی خوێندن. مەبەســت لە ئاراســتەکردنی پرســیارەکانیش کۆکردنەوەی زانیاری ورد بو سەبارەت بەوەی بۆچی تا ئێستا بیر لەوە نەکراوەتەوە بابەتی جێندەر وەکو وانەیەکی سەربەخۆ لەنێو پرۆگرامی خوێندنی بەشــــەکانی ڕاگەیاندن جێبکرێتەوە و بایەخی پێبدرێت، هەروەها ئەگەر بڕیار بێت بابەتی جێندەر وەکو وانەیەکی سەربەخۆ هەبێت، گرنگترین ئەو بابەتانە چین کە دەبێت لەناو کۆرسبوکی بابەتەکەدا هەبن و بە قوتابیان بگوترێتەوە، پاشـــان دەســــتنیشـــانکردنی ئەو تایبەتمەندییانەی پێویســــتن بۆ ئامادەکردنی ئەو مامۆســــتایەی لە بەشەکانی ڕاگەیاندن ئەرکی گوتنەوەی ئەم وانەیەیان پێ دەسپێردرێت.

وەک لێتوێژەران (چاوپێکەوتنەکان و فۆکەس گروپەکان) جەختیان لەسەر کردەوە، لە سەرجەم بەشەکانی میدیا لە زانکۆ و پەیمانگاکان ئاگاداری ئەو هەوڵەی وەزارەتی خوێندنی باڵان بۆ گرنگیدان بە بابەتی جێندەر لەنێو پرۆگرامەکانی خوێندنی ئەم بەشـــانەدا. هەروەها ســــەبارەت بەوەی بۆچی بیر لەوە نەکراوەتەوە بابەتی جێندەر لەنێو پرۆگرامەکانی خوێندنی بەشــــەکانی ڕاگەیاندن جێ بکرێتەوە، لە کۆی هەمو بەشــــەکانی ڕاگەیاندنی زانکۆ و پەیمانگاکان کە ژمارەیان (١٢) بەشــــە، دەرکەوت کە تەنها لە بەشـــی ڕاگەیاندنی زانکۆی ســــەلاحەدین بابەتی (ڕاگەیاندن و جێندەر) وەک بابەتێکی ســــەربەخۆ دەگوترێتەوە، کە بۆ ماوەی دو ســــاڵە لە قۆناغی یەکەم دەخوێندرێت. کەچی ســــەرجەم بەشــــەکانی دیکەی ڕاگەیاندن بیر لەوە نەکراوەتەوە بابەتی جێندەر وەک بابەتێکی ســــەربەخۆ بخرێتە نێو پرۆگرامی خوێندنەوە. هۆکاری ئەمەش بە بڕوای زۆربەی ســــەرۆک بەشــــەکان بۆ چەند خاڵێک دەگەڕێتەوە:

أ. زیادکردنی بابەتێک لەنێو پرۆگرامی خوێندندا، ڕێکاری کارگێڕی و زانســــتی و ڕۆتینیاتی زۆری پێویســــتە، بەتایبەتی لە ژمارەی کاتژمێر و یەکەکانی بابەتەکە.

ب. هەندێک لە مامۆستایانی بەشەکان ئەم بابەتە وەکو بابەتێکی پێویست نابینن بۆ بەشەکانی میدیا، پێیان وایە ئەم بابەتە لەڕوی دابونەریتی کۆمەڵایەتی و بەها ئایینییەکانەوە ڕەنگە زۆر گونجاونەبێت بە قوتابیان بوترێتەوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper18

بەتایبەت بەو جۆرەی کە جێندەرییە ڕادیکاڵەکان و هەندێکیش لێرە بانگەشـــەی بۆ دەکەن لەگەڵ دابونەریتی کۆمەڵایەتیمان ناگونجێت.

ج.هەندێک لە مامۆســـتایانیش پێیانوایە هێشـــتا تێگەیشـــتنی دروســـت و تەواو نییە بۆ بابەتەکە، هەروەها بۆ مامۆستایانی ڕاگەیاندن ڕون نییە ئامانج لە زیادکردنی بابەتی جێندەر چ مەبەستێکی لەپشتەوەیە، چونکە بەبۆچونی ئەوان تاوەکو ئێستا بابەتی جێندەر پێناسە نەکراوە و مەبەستی ئەو چەمکە هێشتا زۆر ڕون نییە. جگە لەوەش لە ئێستادا بەشێک لە مامۆستایانی زانکۆ لە وردەکاری و فەلسەفەی جێندەر تێنەگەیشتون، لەبەرئەوەی تێرمەکە هەر بۆ خۆی ئاڵۆزە، لە جیهانیشـــدا جگە لە چەند ڕێکخراوێکی تایبەتمەند نەبێت وەک: UN Women - لجنة الأمم المتحدة المعنية بوضـــع المرأة، التنمية المســـتدامة لعام٢٠٣٠(Sustainable Development 2030) و ئەوانی دیکە وەک پێویســـت لەڕوی زانســـتیەوە زۆر ئاگاداری ناوەڕۆکی نین. تەنانەت بیرمەند و فەیلەســـوفەکانی بواری کۆمەڵناســـی، بۆچون و ڕاڤەی جیاوازیان بەرانبەر بەم تێرمە تازەیە هەیە. بۆ نمونە هەندێک بە شـــێوازێکی ســـادە بۆی دەڕوانن، کە بریتییە لە دابینکردنی هەلی یەکســـان بۆ هەردو ڕەگەز، بونی هاوســـەنگی جێندەری، جیاوازی نەکردن لە نێوان ژن و پیاودا لە کایە ســـیاســـیی و کۆمەڵایەتی و ئیدارییەکاندا، قۆرخ نەکردنی ژنان لە شـــوێنی کاردا، بەتایبەت لە بواری هونەر و ڕیکلامدا. بەڵام هەندێکی دیکە بەشـــێوەیەکی ڕادیکاڵانە پێناســـەی دەکەن وەک هەوڵی گۆڕینی ســـروشـــتی مرۆڤایەتی، هێنانی هاوڕەگەزخوازی، باســـوخواســـتی شـــوناســـی جێندەری و ترانس جێندەر.

د. هەندێک لە مامۆســـتایانیش پێیانوایە بابەتی جێندەر، باشـــتر وایە لە پێش قۆناغی زانکۆ و پەیمانگاکان بخوێنرێت و باشترە لە قۆناغی ئامادەیی هەبێت، چونکە زانکۆ زۆرتر قوڵبونەوەیە لە بابەتە پسپۆڕییەکان.

بەڵام سەبارەت بەوەی پێویستە بابەتی جێندەر لەنێو پرۆگرامی خوێندنی بەشەکانی میدیا جێی بکرێتەوە، زۆرینەی سەرۆک بەشەکان و ئەو مامۆستایانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا کراوە، وەڵامیان بە (بەڵێ) بو، هۆکاری پێویستبونی ئەم بابەتەشیان بۆ ئەوە گەڕاندوەتەوە، کە ژینگەی کاری ڕاگەیاندن و دەرچوەکانی بەشەکانی ڕاگەیاندن زۆرترین بەرکەوتنی کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژی جیاوازیان تێدایە. بە ڕای ئەوان بۆ دەرچویەکی بەشی ڕاگەیاندن نەگونجاوە ســـەرەتاییترین زانیاری و مەعریفەی لەســـەر بابەتی جێندەر نەبێت. چەند مامۆســـتایەکیش بەتایبەت لە بەشـــە پۆلیتەکنیکییەکان، وەڵامەکانیان بە (نەخێر)ە و پێیانوایە ئەم بابەتە بۆ بەشـــی تەکنیکی میدیا پێویســـت نییە، چونکە ٧٠٪ی پرۆگرامی خوێندنی ئەم بەشـــانە پراکتیکییە و بابەتێکی وەکو جێندەر ئەســـتەمە بە پراکتیکی لەم بەشـــانەدا بگوترێتەوە و بابەتێکی گونجاو نییە بۆ ئەوان.

هەروەها ســـەبارەت بەو بابەتانەی کە زۆربەی مامۆســـتایانی میدیا بە پێویســـتی دەزانن لەنێو ناوەڕۆکی وانەی جێندەردا جێی بکرێتەوە، ئەمانەن:



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper18

باکگراوندی مەعریفی گشتی دەربارەی جیاکاری جێندەری و مێژوی دروستبونی جیاکاری جێندەری لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا.

چۆنییەتی کارکردن بۆ کەمکردنەوەی جیاکاری جێندەری.

ئاشنابون بە میکانیزمەکانی کاری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ئەوانەی کار لەسەر بڵاوکردنەوەی هۆشیاری جێندەری دەکەن.

هاوسەنگی جنێدەری لەنێو پەیامی میدیایی و ژانر و فۆرمە جیاوازەکانی میدیادا.

چۆنیەتی دروستکردنی هاوسەنگی جێندەری، بەتایبەت لە ژینگەی کار و بەرپرسیارێتیدا.

سروشتی پەیوەندی کۆمەڵایەتی ڕەگەزی نێر و مێ.

جێندەر و کولتور و دابونەریتی کۆمەڵایەتی لەگەڵ جێندەر و زمان و فەرهەنگ.

جێندەر و میدیا، هەمو ئەو بابەتانەی پەیوەندیان بە ڕیکلام و نمایشی ژنانی بواری ئەکتەریی و بەکارهێنانیان وەک ئامرازێکی وروژاندن و جەستەیە.

پێکەوەژیان و قبوڵکردنی مرۆڤەکان وەک ئەوەی کە هەن، (LGBT) بە نمونە.

بەڵام سەبارەت بە گرنگیی مەعریفەی جێندەری بۆ دەرچوانی بەشەکانی میدیا، هەندێک لە مامۆستایانی میدیا پێیانوایە مەعریفەی جێندەری یارمەتیدەرە، چونکە میدیا خۆی لە خۆیدا پەیام ئاراستەی کۆمەڵگا دەکات و کاریگەری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دروست دەکات، ڕۆڵی کاریگەری لەسەر چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگادا هەیە. هەروەها لەلایەکی دیکەوە سروشتی ژینگەی کاری میدیا بە جۆرێکە کە تێکەڵاوی و بەرکەوتنی کۆمەڵایەتی لەگەڵ چەندان جۆر لە چین و توێژی ئایدیۆلۆژیا و دابونەریت جیاوازدا هەیە، بۆیە مەعریفەی جێندەری هاوکار و یارمەتیدەرێکی باش دەبێت بۆ دروست مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو هەلومەرج و ژینگەی کارەدا، هەروەها مەعریفەی جێندەری یارمەتیدەرە بۆ میدیاکاران، تاوەکو لە ئەزمونکردنی کاری میدیاییاندا ڕەچاوی هاوسەنگی جێندەری بکەن لەنێو پەیامی میدیایی کەناڵە جیاوازەکانی ڕاگەیاندندا.

هەروەها سەبارەت بەو خەسڵەت و تایبەتمەندیانەی پێویستن بۆ ئەو مامۆستایەی بابەتی جێندەر لە بەشەکانی میدیا لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا دەڵێنەوە، زۆربەی سەرۆکی بەشەکان و مامۆستایانی میدیا پێیان باش بو ئەو مامۆستایانەی ئەم ئەرکەیان پێدەسپێردرێت، باشتر وایە مامۆستای ڕاگەیاندن بێت و بابەتی جێندەر جێی بایەخ بێت بۆی، لە ڕێگەی خولی ڕاهێنانەوە دەکرێت بە تەواوی ئامادەبکرێت بۆ وتنەوەی بابەتەکە بە سەرکەوتویی، چونکە ئەگەر مامۆستاکە پسپۆڕی ڕاگەیاندن نەبێت، سەرکەوتو نابێت لە گەیاندنی ئامانج و مەبەستی بابەتەکە، لەبەرئەوەی ئەوان نیگەرانی ئەوەن کە پێشتر ئەزمونیان لەگەڵ ئەو بابەتانەی وەک (یاساکانی ڕاگەیاندن، دەرونزانی ڕاگەیاندن، کۆمەڵناسی ڕاگەیاندن) هەبوە کە مامۆستای لە پسپۆڕی دیکەوە بۆ هاتوە و ئاراستەی بابەتەکەی بەرەو پسپۆڕییەکەی خۆی بردوە و ئامانجی سەرەکی بابەتەکەی وەکو پێویست نەگەیاندوە.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper18**

## سێیەم: ئەنجامی توێژینەوە

لەم توێژینەوەدا بۆمـان دەردەکەوێت کەوا بـابەتی جێنـدەر بە بـابەتێکی گرنـگ لەبەرچـاوگیراوە، بەڵام لە ڕوی کردارەوە، کار و هەوڵێکی ئەوتۆی بۆ نەدراوە لە ناو خوێندنی باڵادا. هەرچەندە لە ٢٤ی ئاداری سـاڵی ٢٠١٩ و لە یەکێک لە چالاکییەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانسـتی، ۆرکشـۆپێک کرا و تێیدا کردنەوەی سـەنتەری جێندەری لە زانکۆکانی هەرێمی کوردسـتان ڕاگەیاندرا و جێندەرناسـی وەک بابەتێکی خوێندنی باڵا لە قۆناغەکانی زانکۆ باسـی لێوەکرا. هەر لەم بارەیەوە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانسـتی لەسـەر ئەم پرسـە ڕێنماییەکانی گشـتاندنی پێکراوە، بەڵام هەروەک لەم توێژینەوەدا بۆمان دەردەکەوێت، لە کۆی هەمو ئەو بەشـانەی ڕاگەیاندن کە ١٢ بەشـن، لە زانکۆ و پەیمانگا حکومی و ئەهلییەکان لە هەرێمی کوردسـتان تەنها لە یەک بەشـی ڕاگەیاندن بونی هەیە، کە لە هەردو قۆناغی یەک و دو دەخوێندرێت. ئەمە ئەوەمان پێدەڵێت تەنانەت لەناو خودی نوخبەی ئەکادیمی زانکۆکانیشـدا پرسـی جێندەر، پرسـێکی نامۆیە و ئاشـنا نییە و هەوڵی جددی بۆ نادرێت. هۆکـاری ئەمەش لە چەنـد خـاڵێکی گرنگدا خۆی دەبینێتەوە؛ یەکەم، بـابەتی جێنـدەر وەک بـابەتێکی خوێنـدن بە پێویسـت نازانرێت بەهۆی نۆرم و دابونەریتی کۆمەڵایەتی و بەها ئایینییەکانەوە، کە بە هاوردەکردنی فیکرێکی ڕۆژئاواییانەی دەزانن، لە ناواخندا ئەم ئاماژەیە پێمان دەڵێت خودی مامۆستا و فێرکەرانی ئەکادیمی پێویستیان بە چاوکرانەوە هەیە، ئەمەش بۆ خاڵێکی تر ڕاماندەکێشـێت. دوەم، تێگەیشـتنی دروسـت بۆ چەمکی جێندەر لە خودی نێوەندی ئەکادیمیشدا ئاڵۆزەو و پێویستی بە تێگەیشتنێکی زانستیانە و بابەتیانە هەیە، دور لە سەپاندنی بیروڕای تاکەکەسـی. سـێیەم، وێڕای ئەوەی کە ڕێنمایی و هەوڵی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانسـتی دراوە بۆ ئەوەی بابەتی جێندەر بخرێتە بەرنامەی خوێندنەوە، بەڵام هۆکارێکی تر وەک ئاسـتەنگ لەبەردەم ئەم هەوڵەدا دەوەسـتێتەوە، ئەویش ڕێکارە ڕۆتینی و کـارگێڕییەکـانە، کە بۆ زیـادکردنی هەر بـابەتێکی خوێنـدن پێویسـتە بگیرێنەبەر.

شـایەنی باسـە، تێگەیشـتنی مامۆسـتایانی زانکۆ لە گرنگیی بابەتی جێندەر و فەلسـەفە و تێڕوانینیان بۆ ئەم بابەتە، گرنگییەکی زۆری هەیە. هەروەک لە داتا بەدەستهاتوەکان پێشتر ئاماژەمان پێکرد، ٥١.٥ ٪ مامۆستایان هاوڕان لە گرنگیی بونی بابەتی جێندەر وەک وانەیەکی سەربەخۆ بۆ خوێندن، لە کاتێکدا کە ٣٩.٧ ٪ پێیانوایە کە نەخێر گرنگ نییە. هەرچەندە لایەنگران بۆ خوێندنی جێندەر لە بەشـەکانی ڕاگەیاندن زیاترە، بەڵام جێی نیگەرانییە کە ڕێژەی دوەم لەگەڵ ئەوەدا نییە و پێیـانوایە خوێنـدنی ئەم بـابەتە گونجـا و گرنـگ نییە و هیچ زانیـارییەک بۆ سـەر کۆڵەمەعریفەی قوتابی زیادناکات. وێڕای ئەوەش ٨.٨ ٪ مامۆسـتایانی تر هێشـتا خۆیان یەکلایی نەکردۆتەوەو نازانن ئاخۆ گرنگی هەیە، یان نا.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper18

لەگەڵ ئەوەشدا، هەندێک لە مامۆستایانی بەشەکانی ڕاگەیاندن، پێیانوایە مەعریفە و زانیاری لە سەر جێندەر بۆ دەرچوانی میدیا یارمەتیدەرێکی باشە بۆ تێگەیشتن لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی سەردەم و هاوشان بە گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکان، تێگەیشتنە لە پێداویستی چین و توێژەکانی کۆمەڵگا.

## چوارەم: ڕاسپاردە و پێشنیازەکانی توێژینەوە

### ڕاسپاردەکانی توێژینەوە:

- هەوڵ بدرێت توێژینەوەی زیاتر لە بارەی ڕاگەیاندن و جێندەردا بکرێت، بە شێوازێکی چەندایەتی و ڕای خەڵکی تێدا بێت.
- توێژینەوە بکرێت لە بارەی جیاوازی جێندەری لە نێو دامەزراوە میدیاییەکانی هەرێمی کوردستان.

### پێشنیازەکانی توێژینەوە:

١. پێویستە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بەدواداچون بۆ ئەو بڕیار و ڕێنماییانە بکات کە دەریان دەکات، بەتایبەتیش ئەم بابەتە و خوێندنی بابەتی جێندەر وەک لە کۆرسێکی سەرەکی لە قۆناغەکانی یەک، یان دودا. لەم ڕوەوە چەند کەسێکی پسپۆڕ و شارەزا ڕابسپێردرێن بۆ ئامادەکردنی کۆرسبوکی بابەتی جێندەر بۆ بەشەکانی ڕاگەیاندن لە زانکۆ و پەیمانگاکان، بە جۆرێک کە بابەتەکە ئامانجی پرۆژەکە بەدیبهێنێت، هەروەها لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستانیش لەبار و گونجاوبێت.

٢. پێویستە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، خولی ڕاهێنان و پێداگۆجی بۆ ئەو مامۆستایانەی وانەکە دەڵێنەوە بکاتەوە لەبارەی چۆنییەتی وتنەوەی بابەتەکە و شێوازی هەڵسەنگاندنی قوتابی و خوێندکار. ئەویش بەپێی سروشتی بەشەکانی ڕاگەیاندن و ڕەچاوکردنی سیستمی خوێندن لە بەشەکاندا.

٣. پێویستە خوێندنی بابەتی جێندەر لە بەشەکانی ڕاگەیاندن بەهەندوەربگیرێت و سەرۆک بەش و مامۆستایانی بەشەکان ڕێگری نەکەن لەبەردەم ئەم بابەتە، هەرچی زوترە ئامادەکاری بۆ بکەن بۆ ئەوەی بیخەنە بەرنامەی خوێندن و پرۆگرامی ئەکادیمیانەوە.

٤. ئەو مامۆستایانەی لە بەشەکانی ڕاگەیاندن وانەی جێندەر دەڵێنەوە، ساڵانە دەرفەتی بەشداریکردنیان هەبێت لە کۆڕ و کۆبەونەوەکاندا، کە لەسەر پرسی جێندەر ئەنجام دەدرێن، چ لە ناوخۆ، یان لە دەرەوەی وڵات. پێویستە لەم بارەیەوە هەماهەنگی لەگەڵ زانکۆکانی دەرەوە بکرێت بۆ ئەزمون وەرگرتن و پێشخستنی بەرنامە و پرۆگرامەکانی خوێندن.

٥. هێنانی کەسانی پسپۆڕ و تایبەتمەند لە بوارەکەدا، چ وەک میوانی قسەکەر، یان وەک مامۆستای وانەبێژ، بۆ ئەپدەیتکردن و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری نوێ لەسەر بابەتەکە، هەم بۆ مامۆستایان، هەم بۆ قوتابیان و خوێندکارەکانیش.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper18

# Perspectives of Academic Faculties toward Studying Gender in Media Departments

## (A Field Study in Public and Private Colleges and Institutions on Media Departments in KRI)

**Dunya Salahdin Mirdan**[1]

[1]Social Work Department, College of Arts, University of Salahaddin - Erbil, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**
Gender as a subject for study in the academic sphere gave importance and characteristics to the department that will be studied in. The main purpose of this research is to determine the importance of gender studies in media departments, in the public and private universities and colleges in the Kurdistan Region. Therefore, the main purpose of this research is to present the importance of gender studies as an independent subject in media departments. The researcher has attempted to discuss the importance of gender subject as an independent material in media departments in public and private colleges and universities in the Kurdistan Region, using a scientific quantitative and qualitative methods. The researcher has reached several conclusions: among all media departments (12 departments) in public and private universities and colleges in the Kurdistan Region, only one department is teaching gender as an independent subject. The issue of gender is unfamiliar, unfamiliar and not seriously considered. Gender is not considered as a necessary subject for some faculty members in these departments. However, proper understanding of the concept of gender in the academic setting itself is also complex and requires a scientific and objective understanding by academics and faculties. University teachers' understanding of the importance of gender and its philosophy along with their views on this issue, is of inevitable importance and needs to be considered.

**Keywords:** Gender, Study Program, Higher Education & Media Departments.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper18**

## سەرچاوەکان:


Andersen, M. L., 2006. *Thinking about Women- Sociological Perspectives on Sex and Gender.* Sydney : Pearson .

Babbie, E., 2008. *The Basics of Social Research.* United States: Thomson.

Berg, B. L., 2007. *Qualitative Research Methods for the Social Science.* United State, California : Pearson .

Bogaards, M., 2019. Iraqi's Constitution of 2005. *Ethnopolitics* .

Collins, R. L., 2011. Content Analysis of Gender Roles in Media: Where Are We Now and Where Should We Go?.

Frank Webster, G. B. a. A. H., 2000. *Understanding Contemporary Society- Theories of the Present.* London: Sage Publication.

Giddens, A., 2006. *Sociology.* Cambridge : Polity Press.

Marshall, J. S. a. G., 2005 . *Dictionary of Sociology.* Oxford : Oxford University Press.

Payne, G. P. &. J., 2004. *Key Concepts in Social Research.* London : Sage Publication.

Wood, J. T., 2009. *Gendered Lives Communication, Gender, and Culture.* United States: Wadsworth Cengage Learning.

الحكمة, ب., ٢٠٢١. *دور الاعلام في تشكيل الهوية الجندرية.* كوية, بيت الحكمة.

عەبدوڵڵتیف, ئ., ٢٠١٢. *لەبارەی میدیاوە.* هەولێر: سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان.




**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper18**